Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.Con3.6

# بۆردوومانی شاری هەڵەبجە لە ٢٦ی نیسانی ١٩٧٤

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Rebaz Abdalkarim Qadir
rebaz.qadr@uoh.edu.iq

**ڕێباز عەبدولکەریم قادر/** بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**جوهر عزیز احمد/** بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

RECEIVED :25 /03/2025
PUBLISHED :20/08/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**

هەڵەبجە،
بۆردوومان کردن،
تیمی بەرگری میللی،
شۆڕشی ئەیلوول،
باشوری کوردستان.

## پوختە

دوای کۆتایی هاتنی ئاگربەست و ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕش لە باشوری کوردستان، لە نیسانی ١٩٧٤دا حکومەتی عێراقی دام و دەزگا و هێزەکانی خۆی لە هەندێک لە ناوچە سنورییەکان کشاندەوە، ئەم ناوچانەش لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە وەک ناوچەیەکی ئازاد کراو تەماشا دەکرا، لەم چوارچێوەیەدا جگە لە هێزی پێشمەرگە؛ ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە ڕوویان لە ناوچە ئازادکراوەکان کرد، شاری هەڵەبجەش وەک یەکێک لەو ناوچە ئازادکراوانە بوو بە بنکە و پەناگەیەک بۆ کۆبونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سڤیل و هێزی چەکدار.

پاش دەست پێکردنەوەی شەڕ، حکومەتی عێراقی دەستی کرد بە بۆردوومان کردنی ناوچە ئازاد کراوەکان، بەتایبەت شارەکانی قەڵادزێ و هەڵەبجە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە تەرخاکراوە بۆ باس کردنی بۆردوومانی شاری هەڵەبجە لە ٢٦ی نیسانی ١٩٧٤ هەوڵدراوە باس لە بارودۆخی شاری هەڵەبجە بکرێت پێش بۆردوومان کردنەکە، پاشان باس لە هۆکار و کاتی بۆردوومانەکە کراوە و دواتر کاریگەری و زیانەکانی شرۆڤە کراوە، لە کۆتایشدا دەرئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١. پێشەکی :

مێژووی شاری هەڵەبجە پڕە لە ڕووداو و پێشهاتی سیاسی گرنگ، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دا، یەکێک لەو ڕووداوە گرنگانە بۆردوومان کردنی شارەکە بوو لە ٢٦ی نیسانی ساڵی ١٩٧٤لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، حکومەتی عێراقی ئەم هەنگاوەی وەک فشار و گوشار لەسەر باشوری کوردستان بەکارهێنا، تا نەک هەر شۆڕشی ئەیلوول دەست پێ نەکاتەوە، بەڵکو بەیەکجاری سەرکوتی بکات، ئەوەش دوای چوار ساڵ لە ڕێککەوتننامەی ١١ ی ئازاری١٩٧٠.

بۆردوومانی شاری هەڵەبجە پەیوەندی بە پێگە گرنگەکەی ئەو شارەوە هەبوو، چونکە بنکە و ناوەندێکی گرنگی شۆڕشی ئەیلوول بوو ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە لە ساڵی ١٩٧٤و دوای هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، شاری هەڵەبجە بوو بە پەناگەیەکی گرنگ بۆ داڵدەدانی بەشێکی زۆری هێزی پێشمەرگە و لایەنگرانی شۆڕشی ئەیلوول، لەبەر ئەوە حکومەتی عێراق بەبێ گوێدانە وێران کردنی شارەکە و لەناوبردنی هاوولاتییانی سڤیل، بۆردوومانی شارەکەی کرد و بەو هۆیەوە دەیان کەس کوژران و سەدانی دیکە بریندار و بێ ماڵ بوون.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بارودۆخی ئەو کاتەی هەڵەبجە ڕوون بکاتەوە و هۆکارەکانی بۆردوومانی شارەکە بخاتەڕوو، هەروەها ئەوە نیشان بدات کپکردنی شۆڕشی ئەیلوول کارێکی ئاسان نەبوو بۆ حکومەتی عێراقی بۆیە حکومەتی عێراقی پەنای بردە بەر بە قوربانیکردنی هاولاتییانی سڤیل لە ڕێگەی بۆردوومانکردنی شارەکەوە، ئەمەش زیانی گیانی و وێرانی گەورەی لە شارەکەدا بەدوای خۆیدا هێنا.

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر مێژووی شاری هەڵەبجە و خستەڕووی لاپەڕەیەک لە قوربانیدانەکانی مێژووی شاری هەڵەبجە وەک بەشێک لە خەباتی گەلی کورد لە باشوری کوردستان، لە چوارچێوەی شۆڕشی ئەیلوولدا و لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد، هەروەها دەرخستنی بەشداری و پێگەی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشوری کوردستان و پیشاندانی دیوێکی تری تاوانەکانی ڕژێمی بەعسی عێراقە بەرامبەر بە گەلی کورد بەتایبەت شاری هەڵەبجە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بۆ ئەم بابەتە تەرخان نەکراوە، ئەوەی تاوەکو ئێستا لەسەر بابەتی ئەم توێژینەوەیە نوسراون بەشێوەیەکی پەرت و گێڕانەوە لە چوارچێوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەنەتەوە، یان لە پێگە ئەلیکترۆنیەکاندا بە کورتی باسی لێوە کراوە.

لە توێژینەوەکەدا پشت بە میتۆدی مێژووی زارەکی، وەصفی، شیکاری مێژوویی بەستراوە؛ هەروەها بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێک کەسایەتی ناو ڕووداوەکە، وردەکاری و لایەنە نهێنییەکانی ئەو بابەتە خراوەتەڕوو.

ئامانج لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی لایەنێک لە لایەنە شارەوەکانی بۆردوومانی شاری هەڵەبجەیە لە نیسانی ١٩٧٤ دا کە لە یادەوەری شایەتحاڵەکاندا ماوەتەوە، بە مەبەستی تۆمارکردن و پاراستنی زانیارییەکان لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمدا، هەروەها هەوڵدراوە لە توێژینەوەکەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە: گرنگی و بایەخی شاری هەڵەبجە وەک ناوەندێکی بەرگری بەرامبەر هێرشەکانی حکومەتی عێراقی چۆن بوو؟ هەڵوێست و بە دەنگەوەچوونی دانیشتوانی هەڵەبجە و دەروبەری بۆ ئەو خەڵک و چەکدارانەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ دا پەنایان بۆ شارەکە هێنابوو؟ گرنگ ترین ئەو ئامادەکارییانە چی بوون بۆ ڕووبەڕ بوونەوەی هێرشەکانی حکومەتی عێراقی و پاراستینی هاولاتییانی شارەکە ئەنجامدران، لە پێش بۆردوومان کردنی شارەکەدا؟ هۆکار و چۆنییەتی ڕوودانی بۆردوومان کردنی شاری هەڵەبجە و دەرئەنجامەکانی چی بوون؟

سەبارەت بە پێکهاتەی توێژینەوەکە دوای پوختە و پێشەکی، چوار باسی لەخۆ گرتووە، لە باسی یەکەم دا باس لە کۆتایی دانوستان و گفتوگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراقی و دەست پێکردنەوەی شەڕ کراوە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٤ دا و پێگەی شاری هەڵەبجە، وەک ناوەندێکی بەرگری شۆڕش دژی هێرشەکانی حکومەتی عێراقی خراوەتەڕوو، باسی دوەمیش تەرخان کراوە بۆ خستنەڕووی چۆنییەتی دروستکردنی تیمەکانی بەرگری میللی و کار و چالاکییەکانی ئەو تیمانە و کارییگەرییان لەسەر پاراستن و هۆشیار کردنەوەی

هاوڵاتییان، لە باسی سێیەم دا هەوڵدراوە باس لە ڕووداني ڕۆژی بۆردوومان كردنی شارەكە بكرێت، هەرچی باسی چوارەم و كۆتا باسی توێژینەوەكەشە، لێكەوت و كاریگەرییەكانی بۆردوومان كردنی شارەكە كراوە زەرەر و زیانەكانی خراوەتەڕوو، دواتر دەرئەنجامی توێژینەوەكە خراوەتەڕوو، لە كۆتایشدا پەراوێز و لیستی سەرچاوەكان و پاشكۆ دانراوە.

گرنگ ترین ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەدا بەكارهاتوون، ژمارە یەكی گۆڤاری دۆسییەی هەڵەبجەیە كە تەرخان كراوە بۆ بۆردوومان كردنی شاری هەڵەبجە لە ٢٦ ی نیسانی١٩٧٤دا، كە چەندین بابەت لەخۆ دەگرێت، ئەو بابەتانەش زۆربەیان گێرانەوەن و لایەنێكی ڕووداوەكە دەگێرنەوە و بەكورتی باسیان كردوە، گێرانەوەكانیش كەمترین شیكردنەوەی مێژوییان لەخۆ گرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا كەرەستەیەكی گرنگ و پێویست بوون لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا، هەروەها لە چوارچێوەی نووسینەوەی مێژووی زارەكییدا چەند شایەتحاڵ و كارەكتەری بۆردوومانەكە چاوپێكەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دراوە، كە سوودی زۆریان بە توێژینەوەكە گەیاندووە.

## ٢.دەست پێكردنەوەی شەڕ و هەڵەبجە وەک ناوەندێكی بەرگری:

دوای ئەوەی حكومەتی عێراقی بۆی دەركەوت كە ناتوانێت بە بەكارهێنانی هێز شۆڕشی كوردستان كۆتایی پێ بهێنێت، لە ژێر كاریگەری چەندین هۆكاری ناوخۆیی و دەرەكیدا ڕێگەی ئاگربەست و گفتوگۆی هەڵبژارد و بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندی كرد بە سەركردایەتی شۆڕشەوە، لە ئەنجامی زنجیرەیەک دانوستاندن و گفتوگۆ كە لە مانگی ئابی ١٩٦٩ دا دەستییان پێكرد و لە مانگی مارتی ١٩٧٠ دا گفتوگۆكان سەركەوتوو بوون و بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ڕاگەیەنرا (عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٣٩-٤٨ ؛ قادر و جامباز، ٢٠٢٣: ٥٠)، بۆ جێبەجێ كردنی مافی دەستوری و یاسایی گەلی كورد لەم بەیاننامەیەدا چوار ساڵی بۆ دانرا، دواتر بە تێپەڕینی كات و كۆتایی هاتنی ئەم ماوە دیاری كراوە، ئەگەر چی هەندێک لە بەندەكانی جێبەجێ كران، بەڵام دەركەوت كە حكومەتی عێراق نەک نیازی جێبەجێ كردنی خواست و مافەكانی كورد نییە، بەڵكو تەنها دەیەوێت سوود لە كات وەرگرێت بۆ بە هێزكردنی خۆیی و ئامادەكاری بۆ كۆتایی هێنان بە شۆڕشی كوردستان (بارزانی، ٢٠٠٤: ١١٥). گومانی تێدا نییە حكومەتی عێراقی دوای بە دەسەڵات گەیشتنی بەعسییەكان لە پێناو قایم كردنی شوێن پێ خۆیان، بە ناوی گفتوگۆ و ڕێكەوتنەوە چوار ساڵ شەڕی كوردستانیان دواخست و ڕاگرت.

لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا حكومەتی عێراق سەر لە نوێ هێزەكانی كۆكردەوە و پرچەكی كردن چەندین تۆپ و تانک و فرۆكەی جەنگی و كەرەستەی سەربازی كڕی هێزەكانی بۆ شەڕی شۆڕشی كورد ئامادە كرد، بەتایبەت دوای ئەوەی پەیوەندییەكانی نێوان حكومەتی عێراق و شۆڕشی كوردستان سەبارەت بە یاسای ئۆتۆنۆمی و دەسەبەر كردنی مافەكانی گەلی كورد لە عێراق گەیشتنە بن بەست و هیچ دەرئەنجامێكی بە دوای خۆیدا نەهێنا، لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤ دا حكومەتی عێراقی یاسای ئۆتۆنۆمی كوردستانی لە ئێزگە و تەلەفزیۆنەوە بڵاوكردەوە، كە زۆر جیاواز بوو لە بەیاننامەكەی ١١ی ئازار ١٩٧٠ دا كە پێشتر بەڵێنی جێبەجێ كردنی درا بوو، لە بەرامبەردا سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان، وەڵامی ڕاگەیاندنی ئەو ئۆتۆنۆمییە كارتۆنییەی دایەوە و ئەوەی خستەڕوو كە بەم یاسایە ڕازی نییە و پڕە لە كەم و كوڕی و جێبەجێ كردنی كارێكی نەكردە نییە (عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٢٥٠ ؛ بارزانی، ٢٠٠٤: ١١٣ ؛ هەڵەبجەیی، ٢٠١٥: ١٨٠)، ئەمەش ڕاستەوخۆ وڵاتی بەرەو تاریكی برد و هیچ چارەسەرێكی نەهێشتەوە بژاردەی دەست پێكردنەوەی جەنگ بووە بابەتێكی حەتمی.

دوای ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٧٤ دا هێزی پێشمەرگە بە ڕابەرایەتی (پ . د . ک)، لە شارە گەورەكان دەرچوون و ڕوویان لە قەزا و شارۆچكەكانی سنوور كرد و خۆیان بۆ جەنگ ئامادە كرد (شادی- أ، ٢٠١٣: ١٢)، دوای دەركەوتنی نیازی حكومەتی عێراق بۆ خۆ ئامادەكردن بۆ كۆتایی هێنان بە شۆڕشی كوردستان لە ٢٣ی ئازاری ١٩٧٤ دا (پ. د. ک) لە ڕێگەی ئێزگەكەیانەوە (دەنگی كوردستانی عێراق) بەیانێكیان بڵاوكردەوە كە چەندین خاڵی لە خۆگرتبوو، لە بەیاننامەكەدا داوایان لە پاسەوانانی سنوور و هێزی پێشمەرگە و سەربازانی كوردی ناو سوپای عێراق كردبوو كە خۆیان بۆ دەست پێكردنەوەی شەڕ ئامادە بكەن، داوایان لە پزیشک و برینپێچ و مامۆستا و قوتابیانی زانكۆ كرد بوو پەیوەندی بە شۆڕشەوە بكەن لە هەڵەبجە و قەڵادزێ و گەڵاڵە و حاجی ئۆمەران و وەرتێ و ناوچەی بارزان (جەلال، ١٩٩٩: ٣٩٤-٣٩٥)، سەرباری ئەوەی حكومەتی

عێراقی لە ڕێکەوتی ٢٦ ی ئازار دا لێبوردنێکی گشتی دەرکرد بۆ ئەو کەسانەی سەربازی و خەڵکی سڤیلی کوردستان کە بەشداری شۆڕش بوون (قادر و جامباز، ٢٠٢٣: ٩٩)، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی پەیوەندیان بە شۆڕشی کوردستانەوە کرد، چوونی ئەم خەڵکە زۆرە بۆ ناو شۆڕش بە تایبەت دانیشتوانی شارەکان؛ ئەرکی سەر شانی شۆڕشی قورس کرد بوو، مەسعود بارزانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە مانگی ئازار تا ناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٧٤ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لە هەموو چین و توێژەکانی شارەکانەوە پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کرد، بۆ ئەم کارەش حکومەت هیچ ڕێگرییەکی لێیان نە دەکرد، چونکە پێشبینی ئەوەی کردبوو کە چوونی ئەم خەڵکە زۆرە بارگرانی زیاتر دەخاتە سەر شانی شۆڕش، دواتریش هەروابوو، چوونی ئەم خەڵکە زۆرە بۆ ناو شۆڕش کاری کردە سەر کار و چالاکی سیاسی و نیشتمان پەروەری لە شارەکاندا (بارزانی، ٢٠٠٤: ١١٣-١١٤)، بەمەش حکومەتی عێراقی توانی جەنگ لە شارەکان دوور بخاتەوە و هاوکات شۆڕشگێڕان لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا کۆ بکاتەوە، سەرەنجام ئەم کارەش دەبووە هۆی ئاسان کردنی لەشکر کێشییەکان، هاوکات بوو بەهۆی داڕوخانی ورەی خەڵکی لەناو شارە گەورەکانی کوردستان و بڵاوبوونەوەی ترسی کۆتاییهاتنی شۆڕش.

تا دەهات ئەگەری دەست پێکردنەوەی شەڕ زیاتر دەبوو، حکومەتی ناوەند هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ ەوە چەند ناوچەیەکی سنوری و لەناویاندا شاری هەڵەبجەی بەجێهێشت و دام و دەزگاکانی خۆی لەم شارە کێشایەوە، ئەم شارە وەک ناوچەیەکی ئازاد تەماشا دەکرا، بۆیە خەڵکانی شۆڕشگێڕ و هێزی پێشمەرگە و سەربازانی هەڵاتووی سوپا و فەرمانبەرانی سەر بە شۆڕش کە دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرتبوو پۆل پۆل لە زۆربەی شارەکانی وەک کەرکوک و خانەقین و سلێمانی و گەرمیانەوە ڕوویان دەکردە شاری هەڵەبجە و دەورووبەری وەک تەوێڵە و بیارە و خورماڵ، ناوچەکەش ببوو بە مەڵبەندی کۆبونەوەی هێزێکی زۆری پیشمەرگە کە لە چاوەڕوانی دەست پێکردنەوەی شەڕدا بوون (مەلا ساڵح، ٢٠٠٤، ٣١٠ ؛ هەورامانی، ٢٠٠٤: ٥ ؛ حاجی عینایەت،چاوپێکەوتن: ٣ی ئازار ٢٠٢٤ ؛ میرزا - ب، چاوپێکەوتن: ١٠ی ئازاری ٢٠٢٤).

کۆبونەوەی ئەم ژمارە زۆرەی خەڵک لە شاری هەڵەبجە و شارە سنوورییەکانی تریش پێویستیان بەشوێنی مانەوە و خواردن و دابین کردنی پێداویستی تەندروستی هەبوو، بۆیە خەڵکی هەڵەبجە بە دەنگیانەوە چوون و ژمارەیەکی زۆریان بەسەرماڵەکاندا دابەشکران و هەرماڵە و دوو یان سێ تا حەوت کەس یان زیاتری دەبردەوە بۆ نوستن و خواردن و جێبەجێ کردنی پێداویستییەکانیان، ئەوەشی کە مایەوە لە مزگەوت و خوێندنگە و دام و دەزگاکانی حکومەتدا کە چۆڵ کرابوون دەمانەوە، خەڵکی خواردن و خواردنەوەیان پێشکەش دەکردن (عەزیز، چاوپێکەوتن: ٦ی نیسانی ٢٠٢٣؛ میرزا - أ، چاوپێکەوتن: ٣ی ئازاری ٢٠٢٤ ؛ شنروێ، ٢٠٢٣: ٩١-٩٢) بە شێوەیەک ژمارەی ئەو خەڵکەی کە ڕووی لە شاری هەڵەبجە کرد بوو لە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە زیاتربوو (خەسرەو، ٢٠١٣: ٣٠ ؛ میرزا - ب، چاوپێکەوتن: ١٠ ی ئازاری ٢٠٢٤، شاری هەڵەبجە لەو کاتەدا لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە ژمارەیان کەم بوو و لە ڕووی ئاوەدانیشەوە بچووک بوو، بۆیە بارگرانی گەورەی کەوتە سەر شانی خەڵکی، بەڵام گیانی شۆڕشگێڕی دانیشتوانی شارەکە وای کرد کەمی دانیشتوان کاریگەری نەبێت لە بەدەنگەوەچوون و خزمەتکردنی ئەو خەڵکەی ڕوویان لە شارەکە کرد بوو .

لای خۆیەوە (پ. د. ک) وەک ڕێبەری شۆڕش لە ناوچەکە، دەبوو پلانی خۆی هەبێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو پێشهاتە نوێیەدا، لە ژێر کاریگەری مەترسی پەلامار و بۆمبابارانی فڕۆکەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر هاوڵاتییانی سڤیل، مەکتەبی سیاسی. (پ. د .ک) هۆشداری داوەتە گشت لق و ناوچە و هێزەکانی بە مەبەستی دوور خستنەوەی خەڵکی لەناو شارەکان بۆ ئەوەی زیان بە هاوڵاتییان نەگات لە ئەگەر هەر هێرش و پەلامارێکی حکومەتی عێراقی بۆ سەر ناوچەکە (خەسرەو، ٢٠١٣: ٣١- ٣٢)، دیارە زیاتر مەبەست لەو شوێنانەیە کە لە ژێر دەستی شۆڕش دابوون، لەهەڵەبجە ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە، خورماڵ، تەوێڵە، بیارە، سیروان و سەید صادق پێک دەهات، دوای کۆبوونەوەیەک لەگەڵ لیژنەکانی ناوچەکە، بڕیار درا کە پلانێکیان هەبێت بۆ ڕێکخستنی ئەو خەڵکەی کە هاتونەتە ناوچەکە تا هەوڵ بدەن زۆر لەناو شاردا نەمێننەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەند شوێنێک لە گوندەکانی دەرەوەی هەڵەبجە وەک میوانخانە دەستنیشان دەکەن، هاوکات ناو و پێشەی ئەو خەڵکانە تۆمار کران کە پەنایان وەبەر شارەکە هێنا بوو تا بتوانن لە داهاتوودا سودیان لێ وەربگرن (مەلا، ٢٠٠٨: ٣١-٣٢)،

ئەم کارەش لە کاتی خۆیدا سوودی خۆی هەبوو لە ڕێکخستن و دواتر بە دەنگەوەچوونی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی کە ڕوویان لەم ناوچەیە کرد بوو.

**٣.دروست کردنی تیمەکانی بەرگری میللی :**

هاتن و کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سڤیل و هێزی پێشمەرگە لە شاری هەڵەبجە، پێویستی بە ڕێکخستن و ئامادەکاری پێش وەخت هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە خەڵکی ناوچەکە بە سەرپەرشتی و ڕێنوێنی کادیران و پێشمەرگەکانی (پ. د. ک) چەندین ڕێ و شوێنی جیاوازیان گرتەبەر، لەم چوارچێوەیەدا چەندین تیمی جیاواز دروست کران، بە ناوی تیمی بەرگری میللی، هاوکات ژمارەیەکی زۆری خوێندکار و لاوانی شارەکە بە دەنگی بانگەوازی دروستکردنی تیمەکانی بەرگری میللیەوە چوون، ئامانجیان پاراستنی گیانی هاوڵاتییان و ئامادەکاری بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر دۆخێکی مەترسیدار و تەنانەت ئەگەری دەست پێکردنەوەی شەڕیش (هەورامانی، ٢٠٠٤: ٥ ؛ شادی - أ، ٢٠١٣: ١٢)، هەروەها بە دەنگەوە چوون و فریاکەوتنی ئەو خێزانانەی کە ڕویان کردبوویە شاری هەڵەبجە، شایانی وتنە قوتابییان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، لەو کاتەدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەناو خوێندکاران و لاواندا پێگەیەکی گەورە و فراوانی هەبوو، بۆیە بوونە هاندەر و ڕێکخەری ئەم تیمانە و پشتیوانیان لێ دەکردن، تەواوی توانای خۆیان تەرخان کرد بۆ کارو چالاکییەکانی ئەم تیمانە (عەزیز، چاوپێکەوتن: ٦ی نیسانی ٢٠٢٣ ؛ فایەق، ٢٠١٣: ١١)، قوتابییان چەندین کۆمەڵە و گروپییان لە ناو خۆیاندا دروست کرد بوو، بە شێوەی نەخشە بۆ داڕێژراو بەسەر گەڕەکەکانی شاردا دابەش ببوون، هەر لیژنەیەک لە حەوت بۆ هەشت قوتابی پێک دەهاتن، بە مەبەستی پاراستنی دانیشتوان و خەڵکی سڤیل (فایەق، ٢٠١٣: ١١)، یەکێتی لاوان و مامۆستایانیش بەشداری کارایان هەبوو لە کار و چالاکی ئەم تیمانە دا، دەچوونە شوێنە گشتییەکان و ڕێنماییان دەدا بە خەڵک و هۆشیارییان بڵاو دەکردەوە، هەروەها سەردانی قوتابخانە سەرەتاییەکانیان دەکرد و ڕێنماییان دەدایە مامۆستاکان لە کاتی دروست بوونی بۆردوومان چون منداڵەکان بپارێزن، تەنانەت لە حەوشەی قوتابخانەکاندا چاڵیان هەڵدەکەن بۆ ئەوەی لە کاتی بۆردوومانداا قوتابی و مامۆستاکان بچنە ناوی و خۆیانی تێدا بپارێزن (میرزا - ب، چاوپێکەوتن: ١٠ ی شوباتی ٢٠٢٤)، ئازاد ساڵح وەک بەشداربووەیەکی تیمە میللیەکان سەبارەت بە چۆنیەتی کار و چالاکی تیمەکان دەڵێت: "ئێمەی قوتابیانیان خستبووە خولی (بەرگری میللی) ڕۆژێک لە گۆڕەپانی سانەوی کچان کۆیان کردینەوە فێری فریاکەوتنی سەرەتاییان دەکردین (الاسعافات الاولیة) و چۆنیەتی دەرهێنانی شەهید و بریندارەکان، دابەشیان کرد بووین بە چەند تیمێکەوە، دوو سێ ڕۆژ خەریکی چاڵ هەڵکەندن بووین ...." (شنرویّ، ٢٠٢٣: ٩٢)، بەم شێوەیە ئەم تیمانە لە چەندین کەسانی ڕاهێنراو پێکدەهاتن، کە ئامادەبوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر دۆخێکی نەخوازراو.

جگە لەمانەش ئەندامی ئەم تیمانە لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە داوایان لە خەڵکی دەکرد کە شار چۆڵ بکەن و ڕوو بکەنە گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجە و ناوچە سنوورییەکان، هاوکات بەشدارییەکی باشیان هەبوو لە دروست کردنی حەشارگە و خەندەق لێدان دا، کە زیاتر لە پەنجا شوێنی خۆحەشاردان و ژێرزەمینیان وەک خەندەق و چاڵی سەگیراو دروست کرد، کە دواتر ئەو چاڵ و خەندەقانە لە بۆردوومانی ناپاڵمەکان و وێران کردنی شارەکەدا ڕۆڵی گەورەیان گێڕا لە پاراستنی گیانی ئەو هاوڵاتییانەی کە لە شاردا مابوون و نەچووبوونە گوندەکانی دەروبەری شاری هەڵەبجە (فایەق، ٢٠١٣: ١١)، بۆیە دەکرێت بوترێت کاری ئەم تیمانە ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە کەم کردنەوەی قوربانییانی شارەکەدا لە ڕۆژی بۆردوومانەکەدا .

جگە لەمەش لە دروست کردنی تیمەکانی بەرگری میللی دا، سەرباری ئەوەی کە ژمارەیەک هاوڵاتی لە خوێندکار و لاوان بەدەنگی بانگەوازەکەوە چوون، چەندین کەسایەتی ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە دروست کردنی ئەم تیمانەدا، بەتایبەت مامۆستایانی پسپۆڕی وەرزش کە سەرپەرشتی تیمەکانیان دەکرد، ئەوانیش وەک مامۆستا قادر (قالە ڕەش) و برایەکی مامۆستا (عەبدولڕەحمان) کە خەڵکی سلێمانی بوون و مامۆستا عاصی کە خەڵکی ڕانییە بوو، لەگەڵ مامۆستا تالیب کە خەڵکی خانەقین بوو لە هەڵەبجە مامۆستا بوون، یەکێکی دیکە لەو مامۆستایانە مامۆستا کەمال (کەماڵە ڕەش) و مامۆستا ساڵح ئەفەندی بوو، سەرپەرشتی ئەم تیمە میللیانەیان دەکرد، سەرپەرشتیاری گشتی تیمەکانیش مامۆستا عەبدولڕەحمان بوو (میرزا - أ، چاوپێکەوتن: ٣ی ئازاری

٢٠٢٤ ؛ حاجی عینایەت، چاوپێکەوتن: ٣ ی ئازاری ٢٠٢٤)، کاری سەرپەرشتیارەکان بریتی بوو لە وتنەوەی وانەی بەرگری فریاکەوتن و ڕێنمایی کردن و هۆشیارکردنەوەی ئەندامانی تیمەکان و خەڵکانی تریش، مامۆستایان سەرپەرشتی تیمە میللیەکانیان دەکرد و تیمەکانیش لەناو خەڵکدا ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکرد و ئەندامانی ئەم تیمانە لە کاتی کار و چالاکیەکاندا پەرۆیەکی زەردیان لە باڵیان بەستبوو وەک نیشانەیەک بۆ ئەندامێتی لە تیمی بەرگری میللی (عەزیز، چاوپێکەوتن: ٦ی نیسانی ٢٠٢٣ ؛ خەسرەو، ٢٠١٣: ٣٢ ؛ حاجی عینایەت، ٢٠١٩: ٣٦٢)، هەروەها وانەی تایبەت سەبارەت بە ئاگر کوژاندنەوە و چۆنیەتی فریاکەوتنی پیر و منداڵ و پەکەوتە لە لایەن ئەو مامۆستایانەوە دەوترایەوە (مەلا ساڵح، ٢٠٠٤: ٣١٠). ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە مامۆستایان ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە ڕێنوێنی کردنی خەڵکیدا و ڕێنماییەکانیان لەلایەن دانیشتوانی شارەکەوە ڕەچاو دەکرا.

هەروەها یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی ئەم تیمە میللییانە بریتی بوون لە ڕێکخستن و بە دەنگەوەچوونی ئەو خەڵکانەی لە کاتەدا ڕوویان لە شاری هەڵەبجە کرد بوو، بە تایبەت لە دابین کردنی شوێنی نوستن و پشوودان و خواردن و خواردنەوە بۆیان (عەزیز، چاوپێکەوتن: ٦ی نیسانی ٢٠٢٣)، هاوکات بەشێکی زۆری دام و دەزگاکانی حکومەت لە فەرمانگە و خوێندنگە و مزگەوتەکان کە بەهۆی کشانەوەی حکومەت چۆڵ کرا بوون بەشێکی ئەو خەڵکە لەوێدا شوێنیان کرایەوە و ئەوانی تریش چووبونە ماڵەکانەوە.

وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا یەکێک لەو لایەنانەی جێگەی گرنگی پێدانی ئەم تیمە میللییانە بوون بریتی بوو لە بایەخ پێدانی فریاگوزاری سەرەتایی تەندروستی، بۆ ئەم مەبەستەش بە هاوکاری چەندین دکتۆر و کارمەندانی تەندروستی وەک دکتۆر حسێن بەرخی و دکتۆرە شیرین مستەفا خۆشناوی هاوسەری و دکتۆر سەردار حەمە باقی لە خانوویەک لە نزیک مزگەوتی دارالاحسان کە وەک بنکەی فریاگوزاری تەندروستی بەکاریان دەهێنا، دەستیان کرد بە تیمار کردن و چارەسەر کردنی سەرجەم بریندارانی بۆردوومانەکە (هەورامانی، ٢٠٠٤: ٥)، چونکە بە هۆی مەترسی بۆردوومانەوە نەخۆشخانەکان چۆڵ کرابوون ئەمە لەلایەک، لە لایەکی تریشەوە پێشتر بەهۆی مەترسییەکانی هێرش کردن و پەلاماردانی حکومەتی عێراقی بۆ سەر شاری هەڵەبجە هەرچی دام و دەزگاکان هەبوو لە بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانە برابوونە دەرەوەی هەڵەبجە بۆ ناوچەی هەورامان (محەمەد، چاوپێکەوتن: ٢٩ ی شوباتی ٢٠٢٤)، عومەری حاجی عینایەت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نەخۆشخانەی هەڵەبجە پێش بۆردوومانەکە گواستراوەتەوە بۆ خانووی دوو کەسایەتی بە ناوی حاجی عەلی مایجان و حاجی خرە لە ڕێگەی گەرەکی کانی قوڵگە لە ژێر زەمینێک دا بەشی فریاگوزاری خێرا دروستکرا و دکتۆر سەرداری حەمە باقی و دکتۆر حسێن و دکتۆرە شیرین مستەفا خۆشناو دکتۆرحسێن سەرپەرشتییان دەکرد و چارەسەری بریندارەکانیان دەکرد (حاجی عینایەت، چاوپێکەوتن: ٣ی ئازاری ٢٠٢٤)، گومانی تێدا نییە ئەم ئامادەکاریانە بەڵگەی ئەوەن کە خەڵکی شارکە دڵنیابوون لەوەی کە حکومەتی عێراقی بێ گوێدانە خەڵکی سڤیل بۆردوومانی شارەکە دەکات .

لە لایەکی دیکەوە هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان (پ. د. ک) خۆیان بۆ بەرگری ئامادە کرد، بەرەی هەڵەبجە لە شاری هەڵەبجەوە تا سنووری عەربەت و بازگەی چەناخچییان درێژ دەبوویەوە (شادی – أ، ٢٠١٣: ١٢) هەر لەم چوارچێوەیەدا بە مەبەستی خۆپارێزی خەڵکی لە کاتی بۆردوومان و ڕوودانی شەڕ، چەندین ئامادەکاری دیکە کرا، لەوانە ژێر زەمینەکان سەرژمێری و دەست نیشان کران و ژێرزەمینی نوێش دروست کرا و لە شوێنە چۆڵەکانی شاردا خەندەق بە قوڵی نیومەتر و بەشێوەی پیتی( W ، L ، Z ، M ) زمانی ئینگلیزی هەڵدەکەندرا وەک پەناگە، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو ئەو کات لە شاری هەڵەبجە ژێر زەمین کەم بوو، ئەوانەشی هەبوون بەرگەی ئەو بۆمب و بۆردوومانانەی نەدەگرت، بە جۆرێک کەشێکی پڕ لە ترس و پڕ نیگەرانی لە ڕووی دەرونییەوە لەم شارەدا دروست ببوو (مەلا ساڵح، ٢٠٠٤: ٣١٠ ؛ حاجی عینایەت، چاوپێکەوتن: ٣ ی ئازاری ٢٠٢٤)، هەروەها سەرکردایەتی شۆڕش لای خۆیەوە ئامادەکاری کرد بوو، بە تایبەت کۆبوونەوەی هێزێکی زۆری پێشمەرگە لەو شارە دا، هاوکات دانانی چەکی دژە فڕۆکە، بۆ بەرپەرچ دانەوەی فڕۆکەکان کە بۆردوومانی شارەکەیان دەکرد، بەڵام بەرگرییەکەیان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو (عەزیز، چاوپێکەوتن: ٦ی نیسانی ٢٠٢٣).

بابەتی کاردانەوەی توندی حکومەتی عێراق بەرامبەر شـــۆڕشـــگێران و ڕژاندنی ڕق و تووڕەیی خۆی بەســـەر دانیشتوانی سڤیلی کوردستاندا بابەتێکی چاوەڕوان کراو بوو، لە ١ی ئابی ١٩٧٤ دا نوێنەرانی پارتی لە دەرەوەی وڵات بەیانێکیان سەبارەت بە هەلومەرجی کوردستان و پەلامارەکانی حکومەت بۆ سەر کوردستان بڵاوکردەوە، تێیدا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە لە ١٥ی نیســـان بۆ ١٥ی تەموزی ١٩٧٤ دا لە لایەن هێزە عێراقییەکانەوە ١٥٤٢ هێرشـــی ئاســـمانی ئەنجامدراون و ٤٣٣ گوندیان وێران کردووە و ٤٨٥ کەس کوژراون و تێکڕای هێزی ئاسمانی و ژمارەیەکی زۆر لە سوپا لەم شەڕ و پەلامارانەدا بەشدار بوون (ئەمین، ١٩٩٧: ٢٠-٢١)، دیارترینیان ئەوەبوو لە ٢٤ ی نیســـانی ١٩٧٤ دا لە ڕێگەی فڕۆکەوە بۆمبابارانی شـــاری قەڵادزێیان کرد کە ئەوکات لە ژێر دەستی شۆڕش دا بوو، ئەمەش بوو بە هۆی کوژران و بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییانی سڤیل و خوێندکارانی زانکۆی ســلێمانی، کە ئەوکات زانکۆی ســلێمانی گواســترابویەوە بۆ شــاری قەڵادزێ و شــۆڕش بەڕێوەی دەبرد، هاوکات بڕیار درا بوو خوێندنگە پیشــەییەکان و ئامادەییەکان بگوازرێتەوە بۆ شــاری هەڵەبجە، ئەم هەواڵەش لە ڕێگەی ئێزگەی شــۆڕشــەوە ڕاگەیانرا بوو داوا کرا بوو خوێندکارانی زانکۆ ڕوو لە قەڵادزێ و قوتابیانی ئامادەییش ڕوو لە هەڵەبجە بکەن، بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی بۆردوومانی شـــــاری قەڵادزێ، دواتریش بە ماوەی دوو ڕۆژ بۆردوومانی شــاری هەڵەبجەی بە دوادا هات و زیانێکی زۆری ماڵی و گیانی بەر هەردوو شــارەکە کەوت (حاجی عینایەت، چاوپێکەوتن: ٣ ی ئازاری ٢٠٢٤)، نەک هەر خوێندنگە ئامادەییەکانیش نەگوازرانەوە بۆ شاری هەڵەبجە، بەڵکو خوێندنی شارەکەش پەکی کەوت.

## ٤. بۆردوومان کردنی شاری هەڵەبجە:

حکومەتی عێراقی لە ڕێگەی فڕۆکەوە بەردەوام چاودێری شـــاری هەڵەبجەی دەکرد، لە ڕۆژی ٢٥ ی نیســـان لە ڕێگەی فڕۆکەیەکەوە کە بەسەر ئاسمانی شاری هەڵەبجەدا سوڕایەوە و پاشان بەبێ هیچ تەقە کردنێک ئاسمانی شارەکەی بەجێ هێشت، خەڵکی شار پێیان وابووە ئەم فڕۆکەیە بۆ چاودێری و دەست نیشان کردن و بە ئامانج گرتنی ئەو جێگایانە هاتووە کە زۆرترین خەڵکی لێ یە (محەمەد، چاوپێکەوتن: ٢٩ی شـــوباتی ٢٠٢٤)، پاشـــان ڕۆژانی ٢٥ و سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٦ی نیسان دانیشتوانی شاری هەڵەبجە زۆربەیان شاریان چۆڵ کرد بوو ڕوویان لە گوندەکانی دەوروپشــتی شــار کرد بوو، بەڵام بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ بەشــێکی خەڵکی گەڕابوونەوە ناوشـــــار، چونکە پێیـان وابوو ڕۆژ بەرەو کۆتـایی دەچێت و ڕەنگە بۆردوومـان نەکرێت (حـاجی عینـایەت، چاوپێکەوتن: 3ئازاری ٢٠٢٤)، بەڵام لە ٢٦ ی نیســـــانی ١٩٧٤ و لە کاتژمێر چوار و نیوی ســـــەر لە ئێوارە، حکومەتی عێراقی لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانی و لە کفرییەوە بەرەو کەلار و دەربەندیخان و هەڵەبجە هێرشەکانی بۆ سـەر شـاری هەڵەبجە دەست پێکرد (حەسـەن، ب.س: ١١٥)، چەند فڕۆکەیەک لە جۆری سـوخۆی و باجەر و تۆبۆلیف کە حکومەتی عێراقی تازە لە ڕوسیای کڕی بوون (محەمەد، ٢٠٠٤: ١٣٣ ؛ شادی – أ، ٢٠١٣: ١٢) هاتنە سـەر ئاسـمانی شـاری هەڵەبجە و بۆردوومانی شـاریان کرد، بە تایبەت شـەقامی گشـتی لە فولکەی عومەری خاوەرەوە هەتاوەکو بەردەم نەخۆشـخانەی سـەرا و هەروەها ناو باخی گشـتی کە ئەم شـوێنانە قەرەباڵغ ترین شـوێنی شـاربوون، کرابوویە ئامانجی فڕۆکەکان و چەندین بۆمب و ناپاڵمیان لێدا بوو، لەو کاتەدا وەک ئاماژەی پێدرا بەشـێکی خەڵکی گەڕابوونەوە ناوشـار، لە ئەنجامدا ٥٧ کەس شـەهید بوون و زیاتر لە ٥٠ کەسـی تریش بریندار بوون دەیان خانووی بەســـــەر هاوڵاتییانی ســـــڤیلدا ڕووخاند (بڕوانە پاشـــکۆ، وێنەی ژمارە ٢) و بە شـەسـتتیر و دەسـتڕێژی گوللەش تەقەی لە هاوڵاتییانی شـارەکە دەکرد (محەمەد، چاوپێکەوتن: ٢٩ ی شـوباتی ٢٠٢٤؛ شـادی – ب، ٢٠١٣: ١٤)[1]، بریندارەکان گوسـترانەوە بۆ شـوێنی فریاگوزاری و لە لایەن دکتۆر حسـێن و دکتۆرە شیرینەوە فریاگوزاری سەرەتاییان بۆ ئەنجام دەدرا، بە تایبەت دکتۆرە شیرین ڕۆڵی گەورە و ئازایانەی هەبوو لە چارەسەرکردنی بریندارەکاندا (میرزا – أ، چاوپێکەوتن: ٣ی ئازاری ٢٠٢٤).

ئەم بۆردوومانەش زۆر هەڕەمەکی بوون و فڕۆکەکان هیچ دەست پارێزییەکیان نەدەکرد، بۆیە دوکان و بازاڕی خەڵکی وێران بوون و پێنج گەڕەک و شەقامی شاری بۆردوومان و خاپوور کرا (شادی – أ، ٢٠١٣: ١٢ ؛ خەلیل، ٢٠١٣: ٥)، چوار ناپاڵمی لەناو شـــار دا، یەکەمیان لە ماڵی قادر قەســـابی دا نزیک کارگەی جگەرە، دووەمیان لە سێ ڕیانی پیر محەمەدی دا لە بەردەم دووکانی حاجی سەید قادر هانەسورەیی، سێیەم لە بەردەم ماڵی حاجی

سەعید سەعاتچی دا نزیک باخی گشتی و چوارەمیشی لە ماڵی حاجی فەتحوڵلای دا (بەرامبەر سەرۆکایەتی شارەوانی ئێستا)، جگە لە کەوتنە خوارەوەی چەند ڕۆکێتێک (گۆڤاری هەڵەبجە، ٢٠١٣: ٢٣)، دەرئەنجامی ئەو هێرشەش کوژران و بریندابوونی هەوڵاتیانی لێکەوتەوە و پاشان بەشێک لە بریندارەکان گوازرانەوە بۆ تەوێڵە کە نەخۆشخانەی شۆرشی لێبوو، شەهیدەکانیش بە خاک سپێردران (مەلا، ٢٠٠٨: ٣٢).

هێزی پێشمەرگە و تیمەکانی بەرگری میللی بە دەنگی خەڵکەوە چوون، بۆ ڕزگارکردنی بریندارەکانی ژێر داروپەردووی خانوو و دوکانە ڕوخاوەکان (عەزیز، چاوپێکەوتن: ٦ی نیسانی ٢٠٢٣ ؛ میرزا – أ، چاوپێکەوتن: ٣ی ئازاری ٢٠٢٤)، جگە لەوانیش هاوڵاتیان ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە گەران و دەرهێنانەوەی ئەوانەی ببوون بە ژێر داروپەردووی خانووە رووخاوەکانەوە، مستەفا ڕەشید محەمەد وەک شایەتحاڵێک بەم جۆرە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە: "دوای ئەوەی هێرشەکان ئەنجام دران لە بەرامبەر فەرمانگەی شارەوانی ماڵی حاجی فەتحوڵلا و حاجی غەفووری لێ بوو لەگەڵ عەمبارێکی توتندا بەر ناپاڵم کەوتبوون و بە تەواوەتی ڕووخا بوون، ئێمە چووینە سەر داروپەردووەکەی، برادەرێکمان ووتی هەست دەکەم لە ژێر پێماندا دەنگ دێت، ئێمەش ڕۆشتین زەنگن و خاکەنازمان هێنا و دەستمان کرد بە هەڵدانەوەی خۆڵ و خاشاک و بە شوێن دەنگەکەدا ڕۆشتین، کاتێک خۆڵەکەمان لابرد و چەند فەردە توتنێکمان دەرهێنا گەنجێک کە ناوی تەیموری کوڕی مەلا محەمەدی باشکات بوو لە نێوان فەردە توتنەکاندا دۆزییەوە و دەرمان هێنا و ساغ و سەلامەت بوو" (محەمەد چاوپێکەوتن: ٢٩ی شوباتی ٢٠٢٤)، هەر لەو چوارچێوەیەدا ئیبراهیم ئەنوەر میرزا دەڵێت "بە چاوی خۆم عەلی سمایلە فەنیم بینی منداڵێکی تاقانەی هەبوو لە بۆردوومانەکەدا شەهید ببوو لەسەر دەستی خۆی دانیا بوو پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد بژی کورد، بژی کوردستان" (میرزا – أ، چاوپێکەوتن: ٣ی ئازاری ٢٠٢٤)، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات سەرباری زیان و قوربانی زۆری گیانی و ماڵی؛ بەڵام بۆردوومانەکان نەبوونە هۆی ڕووخاندنی ورەی دانیشتوانی شارەکە، هەر بۆیە هێزی پێشمەرگە و هێزی بەرگری توانییان لە ڕێگەی چەکی دژە فڕۆکە (چەند دۆشکەیەک کە پێشتر جێگیر کرا بوون) چەند جارێک هەوڵی فڕۆکەکانی بۆ دووبارە بوونەوەی ڕوداوی هاوشێوەیان شکست پێ هێناوە (خەسرەو، ٢٠١٣: ٣٢)، دیارە بۆردوومانی هەڵەبجە و دەوروبەری هەر ئەوەندە نەبوو، بەڵکو دواتریش لە مانگی ئایاری ١٩٧٤ دا جارێکی دیکە حکومەتی عێراقی گوندی سەراوی نەوڕۆڵی بۆردوومان کرد و لە ئەنجامدا هەشت کەس شەهید بوون و سێ کەسیش بریندار بوون (مەلا ساڵح، ٢٠٠٤: ٣١٢ ؛ میرزا – أ، چاوپێکەوتن: ٣ی ئازاری ٢٠٢٤) ئەم هێرشانەی حکومەتی عێراق، نیشانەی ئەوەیە حکومەت مەترسییەکی زۆری لەسەر ئەم ناوچانە هەبووە پێی وابووە لە ڕێگەی بۆردوومانکردنی ئەو ناوچانەوە دەتوانێت شۆڕشی ئەیلوول لاواز بکات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرکووت بکات.

### ٥. لێکەوتەکانی بۆردوومانکردنی شاری هەڵەبجە:

کاریگەری ئەم بۆردوومانانە گەلێک گەورە بوو، چونکە ئەو بۆمبانەی بەکارهاتن نوێترین و بەهێزترین بۆمب و چەکی ئەو سەردەمە بوون، بە جۆرێک ئەو بۆمبانەی بەردرابوونەوە بەسەر شارەکەدا ٢٠٠ مەتر بە دەوری خۆیدا خانوو باڵەخانەی ڕوخاند بوو و خەڵکی تێدا کوشتبوو، جێگەی بۆمبەکانیش چاڵێکیان بە قوڵی پێنج مەتر و بە پانی شەش بۆ هەشت مەتر دروست کرد بوو (حاجی عینایەت، چاوپێکەوتن: ٣ی ئازاری ٢٠٢٤، بە هۆی ئەو بۆردوومانەوە جگە لە زیانی گیانی، زیانێکی زۆری مادیش بەر بازاڕ و شەقام و باخی گشتی شار کەوت و ئیش و کاری خەڵکی ڕاوەستا و ژمارەیەک دوکان بە هۆی بۆمبارانەکەوە ڕووخان و وێران بوون، هەروەها ئەم بۆردوومانانە بوونە هۆی وێرانکردنی بەشێکی زۆری هێڵەکانی کارەبا و پەیوەندی کردن و خاپوور کردنی بەشێک لە دوکان و ماڵی هاوڵاتییان (عەزیز، چاوپێکەوتن: ٦ی نیسانی ٢٠٢٣).

دام و دەزگا حکومییەکان دوای بۆردوومانەکە زۆربەیان کارەکانیان وەستا بەتایبەت کەرتی پەروەردە (حاجی عینایەت، چاوپێکەوتن: ٣ی ئازاری ٢٠٢٤)، بە شێوەیەک پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە شارەکە ڕاگیرا، ئەو خوێندکارانەشی کە خوێندنی کۆتایی ساڵیان هەبوو بە شێوەی وزاری لە پۆلی سێیەمی ناوەندی و شەشەمی ئامادەیی ناچار بوون بچنە شارەکانی دیکە تاقیکردنەوەکانیان بکەن، ئەمەش کێشەی بۆ زۆربەیان دروست کرد

بوو، ڕێگەیان پێنەدەدرا بەشـــداری تاقیکردنەوەکاندا بکەن، ژمارەیەکی زۆریش لە خوێندکاران خوێندنەکەیان فەوتا و نەیان توانی بەشـــداری تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ســـاڵی خوێندن بکەن، چونکە لەگەڵ کەس و کاریان ئاوارەی ئێران و ناوچەکانی دەوروبەر بوون (عەزیز، چاوپێکەوتن: ٦ی نیسانی ٢٠٢٣).

وێڕای ئەوەش شـۆڕش لای خۆیەوە هەوڵیدا چارەسـەری گرفتی خوێندکاران بکات و لە پێناوی ئەوەی سـاڵێکی خوێندنیان نەفەوتێت، پاش ماوەیەک دوای بۆردوومانەکە بانگەوازی کرد و ڕاگەیاند کە خوێندکارانی قۆناغی شـــەشـــەمی ئامادەیی لە هەڵەبجە و دەوروبەری بچنە شـــارۆچکەی تەوێڵە بە مەبەســـتی بەشـــداریکردنی تاقیکردنەوەکان وەزاری (بەکەلۆری) کۆتایی ساڵی خوێندن، هەر لەم چوارچێوەیەدا ژمارەیەکی زۆر خوێندکاران لە هەڵەبجە و دەوروبەرییەوە ڕوویان لە شـارۆچکەی تەوێڵە کرد، لە شـاری هەڵەبجە (١٩) خوێندکاری قۆناغی شـەشـەمی زانسـتی و چەندین خوێندکاری وێژەیی سـەردانی شـارۆچکەی تەوێڵە دەکەن و پاشـان لەوێوە پێیان دەڵێن بچنە گوندی سۆسەکان، کە لەلایەن شۆڕشـەوە مەڵبەندێکی تاقیکردنەوەیان بۆ دروست کرا بوو بە ناوی مەڵبەندی تاقیکردنەوەی شـــەهید لەیلا قاســـم، خوێندکاران چەند ڕۆژێک پێش دەســـت پێکردنی تاقیکردنەوەکان شـــوێنی مانەوە و خواردن و پێداویســـتییەکانی دیکەیان بۆ دابین کرا بوو، تاقیکردنەوەکان لە کاتی خۆیدا و هەفتەی دوو تاقیکردنەوە ئەنجام دەدران، لەبەر نەبوونی هۆڵی گونجاو لەو کاتەدا لە ناو باخێکدا کە کرا بوو بە تەلاڕ، تاقیکردنەوەیان ئەنجام دەدا (بڕوانە پاشـــکۆ، وێنەی ژمارە ١) و لە لایەن شـــۆڕشـــەوە مامۆســـتا و پێداویستییەکانی تری تاقیکردنەوە دابین کرا بوو (میرزا – أ، چاوپێکەوتن: ٣ی ئازاری ٢٠٢٤)، ئەمەش دەرخەری گرنگی و بایەخ پێدانی شۆڕشە بە پرۆسەری فێرکردن لە هەر بارودۆخێکدا دابێت، هەروەها ئەو خوێندکارانەشی چوونە شـارەکانی دیکە بێگومان بێ گرفت نەبوون و حکومەتی عێراقی کێشـەی بۆ دروسـت دەکردن، تەنانەت ئەو قوتابییانەی قۆناغەکانی تری خوێندنیان لە ئۆردوگاکانی ئێران درێژە پێدا، لە کاتی گەڕانەوەیان بە قوتابییە گەڕاوەکان (عایدون) ناســـرا بوون، ئەو ســـاڵەی خوێندنیان بۆ ئەژمار نەکراو بە دەرنەچوو لە قەڵەم دران، بە پێچەوانەوە ئەو قوتابیانەی کە کەس و کارەکانیان لە ڕیزی حیزبی شـــیوعی بوون لە شـــارەکانی ســـلێمانی و دەروەی ناوچە ئازاد کراوەکان درێژەیان بە خوێندن دا و ســـاڵی خوێندنیان دوانەخرا (میرزا – ب، چاوپێکەوتن: ١٠ ی شـوباتی ٢٠٢٤)، چونکە حیزبی شیوعی لەگەڵ حیزبی بەعسی دەسـەڵاتداری عێراقدا لەیەک بەرەدابوون، دواتریش لە ڕێگەی چەکدارەکانییەوە هاوشـــانی حکومەتی عێراقی ڕووبەڕووی شـــۆڕش گێڕان بونەوە (مەلا ساڵح، ٢٠٠٤: ٣١٦).

هۆکاری بۆردوومانی هەڵەبجە لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەم شارە ببوو بە پەناگەیەک بۆ شۆڕشگێڕان و خەڵکێکی زۆریش لە هەموو ناوچەکانی باشوری کوردستانەوە ڕویان کرد بووە ئەم شارە و کردبویان بە بنکەیەک بۆ کار و چالاکییەکانیان، سەرباری کۆبوونەوەی ئەم ژمارە زۆرەی خەڵک لەم شـــارە کە زۆربەیان لایەنگری شـــۆڕش بوون، دوای ئەم ڕووداوە (پ. د. ک) بەیاننامەیەکی توندی دەرکرد و هەوڵیدا لە چەند شوێنێکەوە ڕای گشتی جیهانی لێ ئاگادار بکاتەوە (خەلیل، ٢٠١٣: ٥).

دوای بۆردوومانەکە ورەی خەڵکی دابەزی بە تایبەت ئەوانەی مووچەخۆری دەوڵەت بوون، بڕیاریاندا بگەڕێنەوە شـــاری ســـلێمانی، جگە لەمەش بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ڕوویان کرد بووە ناوچەی هەورامان بەتایبەت تەوێڵە و بیارە، بەرپرســـانی (پ د ک)داوایان لە حکومەتی ئێران کرد کە ئۆردوگای تایبەت لە ناو خاکی ئێراندا بۆ ئەو خەڵکەی ئاوارە بوون دروست بکات، دواتر حکومەتی ئێران ئۆردوگایەکی کاتی لە نەوسود بۆ کردنەوە، پاش ماوەیە ئۆردوگاکە گۆڕا بۆ ئۆردوگایەکی هەمیشەیی لە سەریاس، خەڵکی هەڵەبجەش بەشێکی زۆریان ڕوویان کرد بووە گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجە، تا ئەو کاتەی ڕێگەی ئێران کرایەوە و بەشـــێکیان ڕوویان کردە ئێران و لە ئۆردوگای سـەریاس نیشـتەجێ بوون (مەلا، ٢٠٠٨: ٣٣ ؛ حاجی عینایەت، چاوپێکەوتن: ٣ ی ئازاری ٢٠٢٤)، دوای چۆڵکردنی شـار، پێشـمەرگە لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ پاراسـتنی سـەر وماڵی خەڵکی، چونکە نزیکی ســـاڵێک دەبوو خەڵکی ماڵی خۆی بەجێهێشـــتبوو، ئەوەی شـــایانی باســـکردنە لەو ماوەیەدا هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوویندا، تەنانەت پێشمەرگەیەک بڕێک ئاڵتونی دۆزیبۆیەوە گەڕاندبۆیەوە بۆ خاوەنەکەی (خەسرەو، ٢٠١٣: ٣٢ ؛ گۆڤاری هەڵەبجە، ٢٠١٣: ٢٣).

هێزی پێشـــمەرگە بوونە پارێزەری ســـەر و ماڵی هاوڵاتیان و پارێزگارییان لەو موڵک و ماڵە دەرکر کە جێیان

هێشـــتبوو، عومەری حاجی عینایەت و ئیبراهیم انوەر میرزا ئاماژەی بۆ دەکەن کاتێک بارودۆخ هێمن بویەوە و خەڵک گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە، تۆز بەسەر قوفڵی دەرگای ماڵەکانەوە مابویەوە و هیچ شتێک دەستکاری نەکرابوو و هەموو شت لە شوێنی خۆی مابوو (حاجی عینایەت، چاوپێکەوتن: ٣ی ئازاری ٢٠٢٤ ؛ میرزا – أ، چاوپێکەوتن: ٣ی ئازاری ٢٠٢٤).

سەبارەت بە بۆردوومان کردنی خەڵکی سڤیل لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی عێراق، پەرلەمانتاری بەریتانی (راســـل جۆنســـتن) لە یاداشـــتێکی نهێنی دا کە لە ٢٢ ی تەمووزی ١٩٧٤بۆ ئەنجومەنی گشـــتی (پەرلەمان)ی بەریتانیای ناردووە لە شـــاری لەندەن، ئاماژەی بۆ ئەم بۆردوومانانە کردوە و ئەوەی خســـتووەتەڕوو کە حکومەتی عێراقی جەنگ و جینۆســـایدی لە دژی گەلی کورد لە عێراق ئەنجامداوە و لە ڕێگەی فرۆکەوە بۆمبی ســـوتێنەری ناپاڵمی دژ بە هاوڵاتییانی ســـڤیل بەکار هێناوە، پاشـــان ئاماژەی بە بۆردوومانی چەند شـــوێنێک کردووە، لە ناویاندا باس لە بۆردوومانی شـــاری هەڵەبجەش دەکات کە لە ئەنجامی بۆردوومانەکەوە زیاتر لە ١٠٠خانوو وێران بوون و ٤٢ کەس کوژراون و زیاتر لە ١٠٠ کەســـیش برینداربوون، خەڵکیش ناچار بوون ماڵەکانیان بەجێ بهێڵن و ڕوو لە چیاکان بکەن (قەرەداغی، ٢٠١٧: ٩٠ – ٩١)، لە کۆتایی یاداشـــتە نهێنییەکەشـــدا پرســـیاری ســـەبارەت بە هەڵوێســـتی حکومەتی بەریتانیا کردوە، کە دەربارەی ئەو بارودۆخ و بۆردوومانانە حکومەتی بەریتانیا هیچ نارەزایەتیەکی داوە بە حکومەتی عێراق.

بۆردوومانی شاری قەڵادزێ و شاری هەڵەبجە کاریگەری هەبوو لە سەر بارزانی وەک سەرکردەی شۆڕش، کە دوای ڕێکەوتنی جەزائیر دەستبەرداری جەنگ و شۆرشیش ببێت (خەلیل، ٢٠١٣: ٥)، ئەگەرچی چەندین هۆکاری دیکەی دەرەکی هەبوون بۆ ئەوەی بارزانی ئەم بریارە بدات، دەتوانین بڵێین کە هۆکاری سەرەکی بریتی بوو لە خەمی کەم کردنەوەی زیانەکان بەرامبەر بە بەکارهێنانی هێز و چەکی جۆراو جۆر بەرامبەر خەڵکی ســـڤیل و شۆڕشگێران کەوای کرد دواتر بڕیاری بەرگری نەکردن بدرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێبەکان:

#### أ- بە زمانی کوردی:


– ئەمین، نەوشیروان مستەفا (١٩٩٧) لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥ – ١٩٧٨، بێ شوێنی چاپ.

– بارزانی، مەسـعود (٢٠٠٤) بارزانی و بزافی ڕزگاریخوازی کورد شـۆڕشـی ئەیلوول ١٩٦١ – ١٩٧٥، بەرگی سـێیەم، بەشـی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر.

– جەلال، برایم (١٩٩٩) خوارووی کوردستان و شۆرشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١ -١٩٧٦، سوید.

– حەسـەن، شـەوکەت مەلا ئیسـماعیل (بێ سـاڵی چاپ) ڕۆژانێ لە مێژووی شـۆڕشـی ئەیلول ١٩٦١ - ١٩٧٥، بێ شـوێنی چاپ، چاپی ئەلیکترۆنی هەواڵنامەی کتێب. http://www.hewalname.com/ku/?p=7325

– شنروێ، ئازاد سالح (٢٠٢٣) هەڵەبجە و موزیک بیرەوەری و یاد، چاپی یەکەم، هەولێر.

– قەرەداغی، محەمەد مستەفا (٢٠١٧) کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا (١٩٦٦_١٩٧٩)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

– عەبدوڵڵا، فەرەیدوون عەبدولڕەحیم (٢٠٠٨) بارودۆخی ســـیاســـی کوردســـتان – عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠ - ١١ی مارتی ١٩٧٤ توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەکەم، هەولێر.

– حاجی عنایەت، عومەر (٢٠١٩) من و شارەکەم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

– کۆچێرا، کریس (٢٠٠٤) کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، و: حەمە کەریم عارف، چاپی دووەم، سلێمانی.

– مەلا سالح، حەکیم (٢٠٠٤) هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم.

– مەلا، ڕەفعەتی (٢٠٠٨) ڕۆژە تەماوییەکان، سلێمانی.

– هەڵەبجەیی، حەمەی فەرەج (٢٠١٥) لە شـنروێ وە بۆ سـتۆکهۆڵم چەند لاپەرەیەک لە بیرەوەرییەکانم لە شـۆڕشـی کورد دا، چاپی سێیەم، چاپخانەی کارۆ، بێ شوێنی چاپ.


#### ب- بە زمانی عەرەبی:


– قادر، جبار (دکتور)، جامباز، طارق (محامی) (٢٠٢٣)، قرارت مجلس قیادة الثورة المنحل الخاصة بالکورد و کوردستان، اربیل.

**دووەم: گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

**أ- گۆڤارەکان:**

- ئەحمەد، مەحمود کەریم (٢٠٠٥) هەڵەبجە شانۆی کارەسات، (گۆڤار) هەشتا و هەشت، ژمارە (٢) هاوینی ساڵی یەکەم.
- گۆڤار، ستاف (٢٠١٣) پێشمەرگە و کادێری دێرینی پارتی چیرۆکی بۆردوومانی ٢٦ /٤/ ١٩٧٤ دەگێڕێتەوە، - دۆسیەی هەڵەبجە (گۆڤار) پێگەیەکە بۆ بە دۆکیۆمێنت کردنی کارەساتەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری، ژمارە (١)، ٢٠١٣/٤/٢٦.
- خەلیل، ماجد (٢٠١٣ ) کارەساتەکانی حەفتا و چوار لە هەڵەبجە و قەڵادزێ دا هۆیەکی ڕاوەستانی جەنگ بوو لە ١٩٧٥ دا، دۆسیەی هەڵەبجە (گۆڤار) پێگەیەکە بۆ بە دۆکیۆمێنت کردنی کارەساتەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری، ژمارە (١)، ٢٦ / ٤ /٢٠١٣.
- خەسرەو، سەرخێڵ (٢٠١٣) هۆشیار کەریم ئەفراسیاب بەگ چیرۆکی شەهیدبوونی هاوسەنگەرێکی لە کارەساتەکەدا دەگێڕێتەوە، دۆسیەی هەڵەبجە (گۆڤار) پێگەیەکە بۆ بە دۆکیۆمێنت کردنی کارەساتەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری، ژمارە (١)، ٢٠١٣/٤/٢٦.
- شادی، عەبدولقادر - أ (٢٠١٣) دۆسیەی هەڵەبجە (گۆڤار) پێگەیەکە بۆ بە دۆکیۆمێنت کردنی کارەساتەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری، ژمارە (١)، ٢٠١٣/٤/٢٦.
- شادی، عەبدولقادر- ب (٢٠١٣) زۆربەی لاشەکان پارچە پارچە ببوون، دۆسیەی هەڵەبجە (گۆڤار) پێگەیەکە بۆ بە دۆکیۆمێنت کردنی کارەساتەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری، ژمارە (١)، ٢٠١٣/٤/٢٦.
- شادی، عەبدولقادر - ج (٢٠١٣) ناوی هەندێک لە قوربانییەکانی بۆردوومانی ٢٦ / ٤ /١٩٧٤ ی هەڵەبجە، دۆسیەی هەڵەبجە (گۆڤار) پێگەیەکە بۆ بە دۆکیۆمێنت کردنی کارەساتەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری، ژمارە (١)، ٢٠١٣/٤/٢٦.
- فایەق، بێستوون (٢٠١٣) کارەساتی ١٩٧٤/٤/٢٦ و هەڵوێستی لاوان و قوتابیانی هەڵەبجە، دۆسیەی هەڵەبجە (گۆڤار) پێگەیەکە بۆ بە دۆکیۆمێنت کردنی کارەساتەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری، ژمارە (١)، ٢٠١٣/٤/٢٦.

**ب- ڕۆژنامەکان:**

- هەورامانی، ئیبراهیم (٢٠٠٤) ٢٦/ ٤/ ١٩٧٤ یادگارییەک بۆ قوربانیانی هەڵەبجە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٣٥١)، ٢٤/ ٤/ ٢٠٠٤
- محەمەد، نەجم (٢٠٠١) پانۆرامای شاڵاوی وێرانکاری و داگیرکاری بۆ سەر هەڵەبجە لە مێژووی کۆن و نوێدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٤٠١)، ٢٠٠١/٣/١٤.

**3- چاوپێکەوتنەکان:**

- حاجی عینایەت، عومەر، (ئەندازیار)، ٣ی ئازاری ٢٠٢٤، سیمانی، ناوبراو ساڵی ١٩٥٣ لە شاری هەڵەبجە لەدایک بووە، ساڵانی ١٩٧٤ — ١٩٧٥ بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە و یەکێک بووە لە ئەندامانی تیمی میللی شارەکە ساڵی ١٩٧٤،، ساڵی ١٩٧٦ بروانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی ئەندازیاری شارستانیدا لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە، ساڵی ١٩٨١- ١٩٨٥ بەڕێوەبەری شارەوانی هەڵەبجە بووە، ساڵی ١٩٨٨- ١٩٨٩ بەهۆی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەوە چوەتە ئێران ، چەندین پۆستی گرنگی لە حکومەتدا وەرگرتوە ، ساڵانی ٢٠١٣- ٢٠١٩ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە و لە سەر لیستی گۆڕان و لە ئێستاشدا لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە.
- عەزیز، ساڵح ئەمین (دکتۆر)، ٦ی نیسانی ٢٠٢٤، هەڵەبجە، ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەڵەبجە لەدایک بووە، ناوبراو دانیشتوی شاری هەڵەبجە بووە و ساڵی ١٩٧٤ لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووە ، لە زانکۆی بەغداد کۆلێژی ئاداب بەشی بەراوردی ئاینەکانی تەواو کردووە، ساڵی ٢٠٠٣ لە بەشی مێژوو لە زانکۆی مەرقەب لە وڵاتی لیبیا بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە، پاشان لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە زانکۆی تەرابلس دکتۆرای لە بەشی مێژوودا بەدەستهێناوە، لە ئێستادا پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بەشی مێژوو لە زانکۆی هەڵەبجە.
- محەمەد، مستەفا ڕەشید (هاوڵاتی)، ٢٩ی شوباتی ٢٠٢٤، هەڵەبجە، ناوبراو ساڵی ١٩٤٩ لە شاری هەڵەبجە لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٧٤دا لە شاری هەڵەبجەدا بووە، بەشی پەرستاری تەواو کردووە، لە ئێستادا خانەنشینە و لە شاری هەڵەبجە نیشتەجێیە.
- میرزا - أ، ئیبرایم ئەنوەر (ئەندازیاری کشتوکاڵی)، ٣ی ئازاری ٢٠٢٤، سێمانی ، ناوبراو ساڵی ١٩٥٤ لە شاری هەڵەبجە لەدایک بووە، ، ساڵی ١٩٧٤ قوتابی بووە و ئەندامی تیمی بەرگری میللی بووە، کۆلێجی کشتوکاڵی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، لە ئێستادا خانەنشینە و لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە.
- میرزا - ب، کۆچەر ئەنوەر (مامۆستا)، هەڵەبجە، ١٠ی شوباتی ٢٠٢٤، ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٦ لە شاری هەڵەبجە لەدایک بووە، دەرچووی خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی ساڵی ١٩٨٤-١٩٨٥ لەساڵی ٢٢ی شوباتی ١٩٩٢ دامەزراوە، لەئێستادا مامۆستا لە پەروەردەی شاری هەڵەبجە.

**قصف مدينة حلبجة في ٢٦ ابريل ١٩٧٤**

**ريباز عبدالكريم قادر**
قسم التاريخ، كلية علوم الانسانية، جامعة حلبجة، حلبجة،
إقليم كوردستان، العراق
Rebaz.qadr@uoh.edu.iq

**جوهر عزيز أحمد**
قسم التاريخ، كلية التربية، جامعة كويه، كويه،
إقليم كوردستان، العراق
Jawhar.ahmed@uoh.edu.iq

**ملخص**
بعد إنتهاء وقف إطلاق النار والإتفاق بين الحكومة العراقية و القيادة الثورة في جنوب كردستان في نيسان ١٩٧٤، قام الحكومة العراقية بسحب مؤسساتها المدنية و قواتها العسكرية من بعض المناطق الحدودية والتي اعتبرها القيادة الكردية تلك المناطق محررة لقوات البيشمركة، لذلك انتقل عدد كبير من المواطنين من كافة مدن و قصبات الكردية إلى مناطق المحررة، واصبحت مدينة حلبجة إحدى هذه المناطق المحررة واتخذها القيادة الثورة قاعدة و ملجأ لعدد كبير من المدنيين و القوات الكردية، وبعد إستئناف القتال بدأت الحكومة العراقية بقصف المناطق المحررة لذا خصصت هذه الدراسة لمناقشة قصف حلبجة بتاريخ ٢٦ نيسان ١٩٧٤ محاولا مناقشة وضع المدينة قبل القصف، ثم مناقشة سبب القصف في وقته ومن ثم الأثار والأضرار الناجمة جراء القصف المدينة من قبل الحكومةً العراقية. واخيراً تم عرّض نتائج البحث .
**الكلمات المفتاحية:** حلبجة، قصف، فريق الدفاع الوطني، ثورة أيلول، جنوب كردستان

**Bombing of Halabja on April 26, 1974**

**Rebaz Abdulkarem Qadir**
Department of History, College of Humanity Sciences, Halabja University, Kurdistan Region of Iraq
rebaz.qadr@uoh.edu.iq

**Jawhar Azez Ahmed**
Department of History, College of Education, Koya University, Kurdistan Region, Iraq
jawhar.ahmed@uoh.edu.iq

**Abstract:**
In the aftermath of the ceasefire pact between the Iraqi government and the revolutionary leaders in South Kurdistan in April 1974, there ensued a withdrawal of Iraqi governmental bodies and armed forces from specific border regions. These territories, deemed liberated by the Peshmerga forces, saw a notable migration of civilians from various cities and towns in Kurdistan, with Halabja emerging as a focal point for both civilian resettlement and military encampment. However, as hostilities resumed, the Iraqi government initiated aerial bombardments on these liberated territories, singling out urban centers such as Qaladze and Halabja. The devastating bombing of Halabja on April 26, 1974, serves as a poignant moment in this narrative. This study seeks to delve into the pre-bombing circumstances in Halabja, examine the rationale and timing behind the assault, detail its repercussions and destruction, and ultimately present the insights gleaned from this examination.
**Keywords:** Halabja, bombing, the national defense team, the September Revolution, and South Kurdistan .

**٨. پاشکۆ**



پاشـكۆی ژماره (١) قوتابییان له كاتی ئه‌نجامدانی تاقیكردنه‌وه‌ی وه‌زاری له مه‌ڵبه‌ندی تاقیكردنه‌وه‌ی له‌یلا قاسـم له گوندی سۆسـه‌كان سـه‌ر به شـارۆچكه‌ی ته‌وێڵه سـاڵی خوێندنی (١٩٧٤ -١٩٧٥)، وه‌رگیراوه له ئه‌رشیفی تایبه‌تی ئیبراهیم ئه‌نوه‌ر میرزا .



پاشـكۆی ژماره (٢) یه‌كێك له گه‌ڕه‌كه‌كانی شـاری هه‌ڵه‌بجه كه به هۆی بۆردوومانی ٢٦ی نیسـانی ١٩٧٤ و له لایه‌ن حكومه‌تی عێراقه‌وه خاپوور كراوه، وێنه‌كه له ئه‌رشیفی تایبه‌تی عادل سدیقه‌وه وه‌رگیراوه.